


# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

## ژمارە ١١ - ٢ی خاکەلێوە ٢٧١٨

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

ڕەحمان جەنگ
بیژەن ڕەحمانی
فەرهاد ساڵحی‌فەر
ڕەزا فرووغی
هیوا بەیرامی
موحسین سوبحانی
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی

**تیۆری:**

مریەم قازی

**چیرۆکی میوان:**

ئاوارە وڵات
عەلی خەلیلی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤٠ ...

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها–**

- تیۆری
- بەتامی چیرۆک
- چیرۆکی میوان


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی



٢ی خاکەلێوە ٢٧١٨

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

## «ڕەنگاڵەی خەونەکان»

" کۆڵان بە کۆڵان جادە بە جادە/ نەشمیلەی چاو جوان چادرەکەت لادە...

بارانێکی بە خوڕ دەباری و من چاوم لە چۆلەکەکانی ژێر گوێسوانە بڕیبوو ، ئەوکاتەی ڕەنگاڵەی خەونەکانمان کاڵ دەبوونەوە!

شەوی پێشتر من ببوومە چوار لەت هەر لەتەشم لە ڕەنگێکدا سەمای دەکرد ! قەرار بوو "ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕش بین"

ژێنڕاڵەکان قنگیان دڕابوو لە ژێر قوورسایی ئەو هەموو ئەستێرەی لەسەر شانیان دابەزیبوو ئێمە سوور بووین دەزانی؟ سوور!


شەوی دواتر باران خوێن دەباری و کەسایەتیەکان مەیتەکانی ناو پۆتینیان ئەژمارد !

شەوانی دواتر ئەستیرەکان دادەبزن ، تاو و تین و زەیتوون و چاوتان دەردەهات بۆ ئەو چادر لادانەتان..

لەسەر پاشماوەی چادرەکان لۆگۆی 'یونیسێف' دەبیندرا و ..

ئێوەمان خۆش نا چاڵی چاوتان دەردەهات بۆ مافی تەڕەماشستان، هەرچی کردم ڕەنگاڵەی خەونەکان وەک خۆیان نیشان بدەم نەکرا و هەردێن و کاڵتر دەبنەوە ..

• فەرهاد ساڵەحیفەر



**«تیرۆک»**

ناوێکی سەیرووسەمەرە، وێنەیەکی سەرسوورهێنەری بە تێلێگرام دا بۆ ناردبووم و لەژێریەوەی نووسیبووی: لەڕاستەوەوە بۆ چەپ: "ناصر فتحی/ ناصر فتحی/ ناسر فەتحی/ ناصر فتحی/ ناصر فتحی."

پێنج دانە ناسر فەتحی دەستیان لە ملی یەکتر کردبوو و ڕوو بە دوربین پێکەنیبوون و وێنەیەیان کێشابوو. هەر پێنجیان سەرووفۆکلە و جلووبەرگی لێکجیاوازیان هەبوو. ئەوەی نێوەڕاستیان کە سەرێکی سیفر کراوی هەبوو، پێکەنینەکی تاڵی لەسەر لێو بوو. تەمەنی هەموویان لەنێوان دە بۆ سێزدە ساڵ دیاریی دەکرد. من بۆخۆم کاری وێنەگریم کردووە، تەنانەت لە زانکۆش چەن وانەی وێنەگریم خوێندووە. لە کاری مۆنتاژ و فۆتۆشاپیش تا ڕادەیەکی باش شارەزام. منێک بەم تایبەتمەندییانەوە، هەرچی سەیری وێنەکەم دەکرد لەوە نەدەچوو مۆنتاژ کرابێ. ئاساییە مرۆڤ وەبیری نەیەتەوە لەو تەمەنەدا ڕۆژێک لە ڕۆژان وێنەیەکی لەوشێوەیەی گرتبێ، بەڵام ئاسایی نییە، پێنج جار لە دۆخ و تەمەنی هاوشێوە و لە باگڕاند و جێگایەکی دیاریکراودا وێنەی گرتبێ و لەبیری نەمێنێ! بەڵام بەڕاستی من شتی وام لەبیر نییە. یانی پێنج برای جمکی دیکە هەن کە تا ئەو ڕادەیە شێوەی من دەدەن؟ دیارە شێوەی منداڵیی من!؟

پەیامێکم بۆ نارد، لێم پرسی: "تۆ کێی؟ ئەو عەکسەت لە کوێ پەیدا کردووە؟ ئەو پێنج منداڵە کێن؟ بۆ ئەوەندە لەیەک و لە من دەچن؟ بۆچی ناوی چواریانت بە فارسی نوسیوە و ناوی ئەوەی نێوەڕاستت بە کوردی نووسیوە؟"

وەڵامی داوە: "من ناصر فتحیم او کوت شینی اخریان امنم، نیوکان فارسی نین عربین!"

ـ ڕاستییەکەی بڵێ، بزانم تۆ کێی؟ ئەو عەکسە چییە؟ مێشکم خەریکە بتەقێ!

ـ دبخشی امن کوردی نوسینکم باش نیە! وا دیارە تو چاک بویاتە کورد!

ـ کێشە نییە، لێت حاڵی دەبم! هاوکلاسی و شتی کۆنی منی و، پەیدات کردووم، عەزیەتم دەکەی؟

ـ نا بەخودا من ناصر فتحیم وک خوت!

ـ ئەی باشە لەو پێنج کەسە، کامیان منم؟

ـ او کچڵەی نیوراست اتوی!

ـ هەستم کرد! ئەی ئەوانەی دیکە کێن، لە کوێن؟!

ـ اوانی دیکش هر ناصر فتحین ایدی مالتە!

ـ دەی لە کوێن؟ چ دەکەن؟

ـ اوی اولیان لە تزاورات مردوە! اوی دومی لە زیندانە! سیهمیش خوتی، چوارمیش بیسروشوینە و ئاخریش بوخوم!

ـ زیاترم بۆ ڕوون بکەوە! تەزاوراتی چۆن؟ زیندانی چی؟ بۆ بێسەرووشوێنە؟

ـ ناتوانم او هموویە بە کوردی پی بلیم، بە فارسی بیلیم؟

ـ نەخێر هەر بەو کوردییە خاوێنە بۆم بڵێ، حاڵی دەبم!

دوای ئەو قسەیە ستیکێرێکی لەو ستیکێرە کەچەڵانەی کە پێکەنینێکی تاڵیان لەسەر لێوە، بۆناردم و، ئیدی فریا نەکەوتم دڵنەوایی بدەمەوە و بڵێم هیچ نییە بە فارسیش دەتوانی پێم بڵێی، لەو جنگەیەدا دایکم گوتی: "ناسر ڕۆڵە دا بچۆ لە مدبەق ڕادۆکە بێنە ئێستا تیرۆکی شەو دەدا!"

ـ حەمە دۆک دەدا دایە؟

ـ ئەرێ ڕۆڵە!

ـ دایە حەمە دۆک یانی چی؟ دۆک؟!

ـ یانی حەمە زۆر لە هەڵات هەڵات و ئاوارەیی دەبێ، لیباسەکانی هەمیشە دۆکی ئارەقیان پێوە دەبێ!

ـ ئەی بۆچی پێی دەڵێن تیرۆکی شەو؟

ـ چوونکە شەوگارەکەی درێژە، وەک تیرۆکێکی درێژ!

ـ دایە ئەوشۆ برێک زوو جێگام بۆ ڕاخە!

ـ ئەوە چۆنە؟

ـ دڵم گیراوە دایە، دەمهەوێ زوو بخەوم تا ئاگام لە هیچ نەبێ، بۆوەی زوو ڕۆژ بێتەوە!

ـ جا تۆ چووزانی دڵگیران چییە قوون بەگوو! ئەوە ئەوقسەیە لە کێوە فێر بووی؟!

ـ دایە لە کەس! هەر بۆخۆم دەزانم!

ـ بۆ دڵت گیراوە ڕۆڵە؟

ـ پێت ناڵێم، پێت بڵێم بەکەرم دەزانی!

ـ تۆ پێم بڵێ!

ـ نایلێم! زووکە جێگاکەم بۆ ڕاخە!

ـ بەخودا پێم دەڵێی، تازە سۆندم دای!

ـ دەدایە بۆ سۆندت دام!؟ دڵم گیراوە لەبەر ئەوەی... لەبەر ئەوەی... چوونکە عەکسم نییە! هەموو هەمکلاسییەکانم یەکی چوار پێنج عەکسیان هەیە، من ئەوە بووم بە سێزدە ساڵ هیچ عکسم نییە!

ـ هەر بۆ ئەوە دڵت گیراوە؟ دەی وەڵاهی سبەینێ ئەگە گوارەکانم فرۆشتبێ دەتبەم بۆ عەکەساسی لە جیاتی عەکسێک پێنج عەکسیشت دەکێشم!

ـ ئاخر دایە جا تازە، سەرمتان تاشیوە؟! بەوسەرە کەچەڵە ناحەزەوە؟!

ـ ...

"فەرموون ئەوەش تیرۆک، چیرۆک! نزیک دوو مانگە لە عەفرین بەرخۆدانە و هەزاران چیرۆکی ڕاستەقینەی سەرسووڕهێنەر و نەنووسراو خولقاوە؛ کەچی ئەمن هاتووم ئەو تووڕەهاتم بەناوی چیرۆک بۆ نووسیون!"

- دایە ڕاستییەکەی بڵێم؟ بۆ ئەوە دڵم نەگیراوە عەکسی منداڵیم نییە!

- ئەی بۆچی ڕۆڵە؟!

- دەمهەوێ چیرۆکێک لەبارەی عەفرینەوە بنووسم، کەچی هەرچی دەکەم هیچم بۆ نایە!

- بۆ کوڕم ئێستا تۆ تیرۆکیش دەنووسی؟

- تیرۆک نا دایەگیان، چیرۆک!

- چیرۆک لەسەر زمانم هەڵناسووڕێ، ئەمن هەر دەڵێم تیرۆک!

- ئەرێ دایەگیان تیرۆکیش دەنووسم!

- جا تیرۆک بۆ کێی دەنووسی ڕۆڵە، خۆ ئێستا کەس گوێ لە ڕادۆ ڕاناگرێ!

• ناسر فەتحی



Frank. Weil a. Rh

# «هێڵی ژیان»

بە پاڵەپەستۆ و خۆتێرۆ کردن چوومە ژووریّ; زۆر بە ناڕەحەتی دەستم گەیشتە میلەی مێترۆکە!

کون بە کون لە ژنی سیغە دەگەڕام! تەنیا دڵەڕاوکەی ئەوەم بوو; لە پێناسەکەم دا تۆمار نەکریّ. تووشی کابرایەکی کەڵەگەتی قوڵەخڕەی چوارشانە بووم.

جێگای دانیشتنم وەبەرنەکەوت; بەپێوە خۆم بە میلەکەوە ڕاگرتبوو. لە کەلێنێکەوە ژنێکی جوان و چەلەنگم لیّ دیار بوو. کوتم خۆزگە ئەو ژنەم لەویّ سیغە کردبا. بیستبووم لە دوایین وێستگەی هێڵی باشووری مێترۆ ژنی سیغەی لێیە. لەگەڵ ژنە جوانەکە هەردووکمان لە یەک وێستگە دا, دابەزین.

چەلەنگێکمان نیشانە کردبوو. بە قۆچەکانی بەردمان پێدادەدا. عەممە جوزئمان تازە تەواو کردبوو. فەقیّ ئەنوەر دەیکوت; دوای عەممە جوزء دەبیّ لەگەل قورئان, کتێبی ئەحمەدیش لەبەر کەن. فەقیّ ئەنوەر لەبەر خۆیەوە ئەحمەدی لەبەر دەخوێندەوە: "ناصیە چییە: پێشە سەرە, ابل: وشتر, حمار: کەرە" ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە.

بەو مەرجەی ڕەخنەگری ئەو چیرۆکە داوای سیغەم لیّ نەکا; بەشەکەی دیکەی چیرۆکەکە دەگێڕمەوە. ماڵت نەشێویّ خۆ من مەلای دوازدە عیلم نیم! ئەوندەش بزانە من تەنیا ڕاویم. سیغەکەری ئەم چیرۆکە, حەیوانێکی سیاسی دیکەیە!

جێگای بەردەمور بە ناسییەی کابرای کەڵەگەتی قوڵەخڕەی چوارشانەوە دیار بوو. دە هەزارم دایەو یەکسەر بردمییە ماڵە مەلا, مەلا چ مەلا دەتکوت بەرازە; ملی بە هیچ بارێک دا وەرنەدەسووڕا. بەڵام هەرچی بوو; زۆر لە دوازدە عیلم دەچوو. کوڕە بابە ئەو هەر بە منداڵی ئەحمەدی تەواو کردبوو. خۆ وەکوو من وەدووی ئەللەلی تەللەلی نەکەوتبوو.

- ئەرێ وریا ئاخری بابت بوو بەچی؟ دەرسەکەی تەواو کرد؟ خۆ لەگەڵ ئێمە فەقێ بوو!

- ناوەڵڵا مامۆستا! یازدە عیلم و نیوی خوێند; نیوە عیلمێکی مابوو ببێتە مەلا; زانی مەلایەتی قۆڕەو بەکار نایا; ئیدی درێژەی پێنەدا!

- کوڕە بۆخۆت قۆڕی; بابت قۆرە; هەتیوە بەڕەڵلایە! یاڵڵا, یاڵڵا دەی, هەستە بزانم; لە کلاسی من وەدەر کەوە دەرێ.

پێناسەکەم بۆنی کافووری لێدەهات. لە ناوەندیترین وێستگە, هێڵی مێترۆکەم گۆڕی. تابلۆی ڕێکلامی وێستگەیەکی ڕۆژاوا, وێنەی ڕووبانی ڤیرووسی ئایدزی پێوەبوو!

• بیژەن ڕەحمانی




Y. Elkin

## «SMS»

نەسرین؛ ماست ، دوو کیلۆ دۆی خۆماڵی، تۆنگەیێکی چکۆلە ئسپەناخی جوان ..../٥کیلو ...وشیاربە گەڵاکانی سیس نەبێ، لوشە و کەنگری پاک کراوە لە هەر کامیان کیلۆیەک، نەچی زۆرتری بکری بۆژەمێک مە گرانە ڕۆنیشمان تەواو بووە، برینجی گردە ئەگە نەبوو شکەستە ٣ کیلو.. سەبزی خواردنی ....یەک کیلۆ میوەی جوان... سێو و هاروێ و پرتەقاڵ لە هەر یەکیان دوو کیلۆ و هێندێکیش ترێ ڕەشە، زۆرم ئیشتیا لێ یەتی پیواز و باینجانیشمان تەواو بۆ ... ئیدی بۆخۆت دەزانی ئی چۆن بکری، مریشکی زیندوو... دوو دانە ..نەچی پەرکەندە بێنی زوو دەزانم هاا ... خات مەعسوومی دڕاوسێمان دەیکوت: مام جەلیل دۆینێی هێناوە بچۆ کن وی ...١٨٠٠تمنی جاری پێشیش لە سەری حسێب کە، کەمی دابوومەوە ...

ئەگە کاتت بوو بچۆ کن پەروانەش ئەو کراسەم بۆ بێنەوە، زەنگی لێداوە سازە زەنگێکیش بۆ دایکت لێدە دەی کوت: هەر چەند زەنگم لێداوە وڵامی نەداومەتەوە بڕاوبڕ تەماسی دەگەڵ بگرە دەنا دەڵێ بەکووڕمی نەکتووە هەزار قسەو باسم بۆساز دەکەن ....

سامانیشت لە بیر نەچێت وەک دۆینێ دڕەنگ بچییە باغچەی مناڵان، ڕاهێنەرەکەیان زەنگی لێدابوو هەر دەی بۆڵاند...

لە سەر ڕێگات سەرێکیش لە دووکانی سالەی دە ، دوومانگە قیسنی قاپەکانم نەداوەتێ ئابڕووم چوو ،ئیدی هیچم ناداتێ ، ئەرێ ئەوەشم لە بیر چوو پێتی بڵێم ، چەن دانە کارتی زەماوەندی موحسنیان هێناوە ..ئی پوورت و کچەکانیەتی بیاندەیە ،لە بیرت نەچێ ها ،،،،لە سەر tvم داناوە ....

چێشتەکەم لەسەر گازی داناوە، چارەگێک لێی گەڕێ با بکۆڵێ، دوایە بنی کەم کەوە نەسووتێ ها لە ئاشی سەرێت دەکەم...

چاو شتیشم بۆ ئامادە کردوی و ئیسکانم بۆ داناوی نەچی ئیستکانی دیم لێ پیس کەی ها دەنا بۆخۆت دەزانی ها......

شـــاهۆی دەگەڵ خۆم دەبەم ،ئێواریێ وەرە مـاڵە بـابم بیبەوە ،بڕاوبڕ بیبەیەوە هـااا بەدفەڕێ دەکا ..بابم لێی تووڕە دەبێی...

زبڵ و هێندێک کەرەسەی بێکەلکم لەبن کابینت دانەوە ،هاتیەدەر لە ماڵ بیبە فڕێیان دە،فڕێیان دەی ها... نەچی بیانکۆڵییەوە ،مەترسێ هیچ تۆی تێدا نییە..

مەلاژن ئەگە هات بۆ شـــمەک و قاب و قاچاخی بۆم جۆ کردۆتەوە و لە ســەر دەلاقەی ئەو دیویم داناوە ،زوو بەڕێی کە ئەگە پرسـی: لە کۆیم پێی مەڵێی ،دە نا لێم لە جار دەدا بڵێ :چۆتە ماڵە خوشکی هەر هێستا دێتەوە ... بازوو بڕوا لە کۆڵت بێتەوە ،زۆر بەقسەو باســـە،لەزارت دەرنەپەڕێ ها... ئیدی چی دیم لە بیر نەماوە .. ئاها ...کابرای گازی هـاتبوو ،دەی کوت کۆنتۆڕەکەتـان خەرا بۆ ،زەنگێکی بۆلێـدە ، ژومـارەکەم لە پشـــتی قەبزەکەی نووسـیوە ،پێموابێ سـەگبابە پوولی دەویســت... مەهێڵە سـامان بچێتە ماڵە باجە توورانی ..ئەگە بیانووی گرت بڕۆ لە دووکانی کاک خاڵیدی شیرێکی چکۆڵەوە و پاســـتیلێکی بۆ بکڕە ،نەچییە کن ئەو هەتیوە گۆی زلەی ســـەیدی ژنی ها هەموو شتەکانی ڕێکەوت پەڕیوە.

ئەو مۆبایلەش شارژ کەوە ، خامۆش نەبێ ها ...

ناســر: حەک لەو ژنەی دوای ئەم لیســـتە بلێند بالایە هەر نەی کووتووە ناســرگیان ...بەقوربان ...ئەی دەستت نەهێشێ... ئەخە قەفەسەی پشتم شکێ..یا ...شکڵی دڵێک ...دووماچ...

بۆ نەددەتوانی پێی زیاد کا ؟؟ لێی کەم دەبۆوە حەیە حەی... بە خوا هەرچی لە دڵت دایە بۆمنت حەواڵە کردووە..

ئەمن ژنی وام ناهەوێ!!... شـــشــــدانگی خەلاتی خۆت!... ئەوە زۆر وردە فەرماییشـــان دەفەرمێ ئەرکی وەی بەمن جێ بە جێ ناکرێی لەم چیرۆکە دا....

یامن بسڕەوە یا ئەو.. مام نووسەر...

• ڕەزا فرووغی



📷 Silke Roberts

## «کەرت بە چەندی؟»

ئەو دەسبیحە قەزوانەی کە لە دەستی دابوو بارتەقای ئەژماری ئەو سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەرەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (خاوەرمیانە) سەریان هەڵدابوو، زیکر و تەلیلەی پێکرابوو..

لە ناو هۆڵی چاوەڕوانی ناو ئیدارەی وەرگرتنی پەنابەرانی شاری 'ستۆکهۆڵم' لەسەر کورسیەک پاڵیدابۆوە و لاقە مەسنووعیەکەی لە تەنیشت خۆی هەڵپەساردبوو.

'کەریم بێنزێما' بە هۆی ناوەکەیەوە ڕەنگە شان بە شانی 'ڕۆناڵدۆ و مێسی' لایەنگری هەبێ لە ناو کۆمەڵگای ئێمە دەزانی باپیرەی منیش ناوی کەریمە؟ ئەگەر لەم خاوەرمیانە سەقەتەدا لە دایک نەبوایە لەوانەیە ئێستا یاریزانێکی تۆپی پێ با..


بڵیندگۆی مزگەوتی ئاوایی " ڕەحمەتی خواو لێبێ مام کەریمە سوور لە نزیک شاخە ڕەشی لاقی وەسەر مینێ پەڕیوە ئەوانەی لە خۆیان ڕادەبینن بێن بۆ یارمەتی با بچین بیهێنینەوە"

دیلمانجێکی هاوزمانی خۆیان بۆ هێنا " مامە گیان چ بووە بۆ ئاوات ئەم هۆڵە شێواندوە کێشەت چیە ؟ بڵێ با من تێیانگەیەنم بۆت.

" لەکەڕی بەیانیەوە لێرە دانیشتووم کەس نەهاتووە بڵێ کەرت بە چەندی!"

بە پێی بەراوردکرنێکی ئابووری داهاتی ئەمساڵی وڵاتانی .... لە کارگای درووستکردنی چەک و چۆڵ زیاتر مەزەندە دەکرێت لە داهاتی ئەو وڵاتانەی نەوتیان فرۆشتووە..

کچە باڵابەرزە چاو شینەکە دوایی پیکەنین و سرت و کورتێک لەگەڵ هاوکارەکانی ، ڕووی لە دیلمانجەکە کردەوە " دەی خۆ ئێمە لێرە کەر ناکڕین و ئەگەر ئەو پیاوە کەری فرۆشتنی هەن وادیارە بە هەڵە هاتۆتە ئێرە دەبێ ڕێنوینی کەی بچێتە شوێنی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵان.."



- فەرهاد ساڵەحیفەر

## «خولیای عەشق...»

لە ژوورێکی ڕووناکدا هەموو شـــتێک لە بەرچاوم دا لێڵ ببوو، چەند جارێ چاوەکانم ترووکاند، بەڵام تەنانەت نووســـراوەکانی ســـەر وێنەکەم بۆ نەئەخوێندرایەوە. وێنەیەک و شێعرێک بە بەرزی باڵای کەسایەتییەک لە بەر چاوم هاتووچووی دەکرد. کاتێ کتێبەکەم دایە دەســـتی، پێڵووەکانم ناخافڵ وێک نرا. ســـەیری چاوەکانیم دەکرد، وێنەی خۆم تیبا دەبینییەوە. تا چاو کاری دەکرد چۆڵگە بوو و تاریکی و بۆنی بارووت و خاکی باران لێدراو. بەدەوری خۆمدا دەســـووڕامەوە، ئاڵۆز بوونم تابێ زیاتر و زیاتر دەبوو. پیاوێک لە پشـــت مێزێکی بەرز و باریک لە ســـەر کورســـییەک دانیشـــتبوو و پرتقاڵێکی چوار قاش کردبوو و بە چەتاڵ دەیخوارد!

خۆمم دەدیت کە خۆیی بە کورسییەکەوە نووساندبوو؛ پیاوەکە بێدەنگییەکەی تابێ قوڵتر دەکرد. دەڵەی پێشـــتر چەنـد جـارم دیتبوو، بەڵام نەمـدەزانی نـاوی چییە. لەتێـک لە پرتەقاڵەکەی مابوو بیخوات، لە ناکاو بە تووڕەییەوە فڕێی دایە بەردەمی. ددانەکانی خراپ ڕزیبوون و ئـازاری دەدا. کتێبێکی لە نێو مێزە بەرزەکە دەرهێنـا و چەنـد لاپەڕەی لێ هەڵدایەوە.

ـ کتێبەکەی من چاپی کۆنە و لاپەڕەکانی گۆڕاوە.

کتێبەکەم دەدەم بە دەســـتییەوە؛ لە پڕ لە دەســـتی جیبا دەبێتەوە و دەســـتم دەگرێ و لە جاددەیەکی دوور و درێژەوە دەمبات، تا دەگەین بە هێڵێکی ســـوور، کە تابلۆیەک دانراوە و لێی نووســـراوە: ڕێگەیەک ڕوو بە پێشـــەوە نییە، یا دەبێ لادەی و بە لاڕێدا بڕۆی یا بگەڕێیتەوە دواوە. گەڕابووینەوە لای پیاوەکە و کورســـییەکە و مێزە بەرزەکە. پیاوەکە شێعری دەگوت:

لە پێ دەکەم هەنگاوەکانت، لەبەر دەکەم تەواوی لەشـــت...تێپەڕە لەم شـــەقامە لاڕێیە... هێشـتا بڕوای تەواوم بە باوەڕە بنەماڵەییەکانم هەبوو. شـەقام درێژتر و هێڵەسوورەکانیش زیـاتر دەبوون. تـاریکی بوو و ئـاســـمـانی تەمگرتوو، زمـانم دووریبوو بە جـاددەکەوۆ و نەمدەزانی بە دووڕێیـانەکەدا بچم یا بمگەڕێمەوە دواوە. دەســـتم لێی جیبـا نەدەبووەوە دەیکێشـام بەرە و دوو ڕێیانەکە، ئاســمانی ئەوێ هەندێک ڕووناکتر بوو، تا دەڕۆیشـــتین ڕووناکتریش دەبوووەوە؛

لە پشـــت پێڵووەکانمەوە ڕووناکیم دەدیت، چاوم کردەوە، پرۆفێنێکم هەڵدا و پەرداخێک ئـاوی ســـارد، لەشـــی هێور کردمەوە. منـداڵێـک بـانگی دەکردم، ورەی بزەیەکم نەبوو. زیپکەیەک لە لا لێوم دەرهاتبوو. هەســـتێکی نامۆ دایگرتبووم. هەموو خوێند کارەکان کتێبەکانمان دەرهێنابوو. مامۆســـتاکەمان ددانەکانی ڕزیبوو و پشـــتوێنێکی هاوشـــێوەی پشتووێنی سەربازانی شەڕ بە سەر پانتۆڵەکەیدا بەستبوو. کتێبەکەی دەرهێنا و گوتی:

ـ کتێبەکەی من چاپی کۆنە و لاپەڕەکانی گۆڕاوە، کێ کتێبێکی نوێی هەیە بیدات بە من؟

کتێبەکەم دەدەم بە دەستییەوە:

ـ ئای خۆت چ دەکەی؟

ـ من لە کتێبی هاوڕێکەم دەڕوانم.

ڕوو لە من دەکات و دەڵێ:

ـ پێڕستی کتێبەکە بخوێنەوە

ـ بەشی یەک:

درۆ و ڕاستەقانی

ـ بەشی دوو:

مرۆڤ و جیهانی ئاژەڵی(حیوانی)

بەشی سێ:

وڕێنە و خەون

ـ بەشی چووار:

قنگە شەڕ!

مامۆستا لە بەر خۆیەوە،

عەشق سڕاوەتە...

• شەرمینساڵحی



**«گراوی»**

-ئەو جلانە هی کام وڵاتن؟! ئەوەی لەسەر پرۆفایلەکەتە؟

-وڵات؟! ڕاستییەکەی ئێمە وڵاتمان نییە.

چۆن؟ مەگەر ئێوە لە کوێ دەژین؟...

خەریکم یەکەم "چات"ەکانمان دەخوێنمەوە. زۆری پێ خۆش بوو لەبارەی کەلتووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە بزانێ. کوردی بە منەوە ناسیبوو و زۆر تامەزرۆ بوو زیاتری لەسەر بزانێ. سەرەتاکانی منیش پێم خۆش بوو بەڵام دواتر لێم بوو بە هەوەس:

ناکرێ بە سکایپ قسە بکەین؟

بۆ نابێ؟ ئەوە ئادرێسەکەم...

کچە چاوشـــینە ڕۆژئاواییەکەم یەکەم جار پێش ســێ ســاڵ لە ســکایپ بینی. کچێکی هەمیشــە سـپۆرتی چاوشـین بە قژێکی کاڵی هەمیشــە ئاڵۆزی پێکەوتوو و ملی ڕووت و جووتێ مەمکی خڕ لە ژوورێک پڕ لە کتێبی جۆراوجۆر و وێنەی شـۆڕشـگێڕە مارکسـیی ەکان. نایشـــارمەوە، بە دەیان جار لەوپەڕی دنیاوە هێنابووم بۆ ژوورەکەی خۆم و لە ناو جێوانەکەمدا گەمەم لەگەڵ کردبوو. ئەو پێکەنینانەم قەت لەبیر ناچێ:

-هەهەهەهە

-بە چی پێدەکەنی؟!

-بە تۆ!

-بۆ؟!

-هەهەهەهە یانی من هاتووم لەو ژوورەی تۆدا و لەگەڵ تۆ خەوتووم؟هەهەهە

لەو ســاڵانەدا چەندی من شــەهوەتم بە خەیاڵدا پێ ڕژاندبوو ئەو بە خەیاڵ لە وڵاتەکەی مندا ژیابوو. هەتا جارجارێ کە بە ئەنقەست دووربینی مۆبایلەکەی بە ژوورەکەیدا دەگێڕا وێنەی کچە شۆڕشگێڕەکانی کوردم لەسەر دیواری ژوورەکەیدا دەدیت، کە لەو دواییانەدا پێی زیاد کردبوو.

ئەمێســـتا چەند مانگێکە لەو بێ وەفای چاوشـــینی ڕۆژئاواییە بێ خەبەرم. لەناکاو بێ جوابی هێشــتووم. دوایین قســەی ماڵاواییەکی ســارد و سـڕ بوو. ئیتر هیچ خەبەرێکی نەبوو. ئەگەرچی لام وایە مـاوەیەک پێی ڕابواردووم و ئێســـتـا لەتەک کوڕێکی دی لە وڵاتێکی دیـدا لەیەکیـان داوە بەڵام هەموو ڕۆژێـک پەیـامەکـانی دەخوێنمەوە و هەموو شــەوێ لەوپەڕی دنیاوە دەیهێنمەوە ســەر جێگەکەم و ڕووتی دەکەمەوە و هەتا بەیانی لە شیلەی جوانیی دەخۆمەوە.

هەموو ڕوژێـک پەیـامەکـانی دەخوێنمەوە. چەنـد مـانگێکە لە دوای دوایین مـاڵاوایی وەڵامی هیچ ســڵاوێکم نەگرتووە، دواجار ئەم بەیانییە کە مەســێنجرەکەم کردەوە، لەتەک وێنەیەکی خۆی بە هەمان چاوی شین بەڵام بە قژی پەلکەکراو و جلێکی گورج و گۆڵدا لە سەربانێکەوە لە حاڵێکدا ئاماژەی بە شارێک دەکرد ئەم پەیامەی بۆ ناردبووم :

کوڕە ڕەشتاڵە کوردەکە! ئیدی غەریبیم مەکە! وەرە و لە عەفرینەوە ئامباز بین!

• موحسین سوبحانی



📷 bruno Gueroult

## «حەمام بە تڕان گەرم دانایە»

بۆخۆم بووم دەستمپێکرد، ئیدی دەوەیاندا هیچ گومانم نییە و حازرم تەڵاقێکی بە حەقیشی بۆ بخۆم. بەڵام ئیدی ئێوەش لەمە زیاتر سەرم بەسەردا مەگرن و بە گژ سوێندانمدا مەکەن.

"بابە بابە هەتە." دەستم دەگرێ، هەڵمدەستێنێ و بۆ لای کومۆدەکەم دەبات. دەست ڕادەدێرێ بۆ تەختەکە و داوای دەکات. خۆشە، جا وەرە کەرێ بێنە و مەعرەکەی بار کە. بۆخۆی لە نێو تەختەکەیدا دادەنیشێ و بە نۆرە دەبێ هەڵهاوێین. جووت شەش. هەر هەڵهاوێ و بە جووتان بە هیوای جووت شەشی بە بابی بابم. هەموو ڕۆژێ دووپاتەی دەکاتەوە و بۆتە بنێشتە خۆشکەی سەر زاری: "ئەمڕۆ سی ڕۆژ لە...، ئەمڕۆ سیوهەشت ڕۆژ لە...، ئەمڕۆ چلو..." هەر بۆنی دووکەڵ و باڕووت دێ، ڕەنگی خوێن دێ، گرمەی جێت و تۆپباران. ئامبولانسی سپی خەت سوور بەردەوام ئاژیر دەکێشن و گوژراو و بریندارا‌ن دەگوازنەوە. هەموو شەقامەکانی شار لانیکەم تۆپێک و دوانیان بەرکەوتووە و خشت و بەردی ڕووخاو لەسەر یەک کەڵەکە بوون. لە نەخۆشخانەی شار دەواودەرمان لە کەمێی داوە. ژنێکی جوانوچەلەنگ لە عەرزی ڕاکشاوە و چاوی زەق لە میچی ڕێڕەوی نەخۆشخانە بڕیوە و منداڵێکی دوو، سێ ساڵانە لە پەنای ڕاوەستاوە: "بابە هەتە، بابە هەتە."

جا کوڕی نەنکم ئێستا کە ئەوەی دەنووسم چاک لێم حاڵی بە، چاااک. پێتوانەبێ ئەوەم بە چاوی خۆم دیوە و لەوێ بووم و دە لەشم گەڕاوە، نا، نا دایکەکەم، نا، نا کوڕی نەنکم، ئەوە لەسەر مۆبلێکی چەرمینی نەرم دانیشتووم و لاقم خستووەتە سەر میزەکە و لەپتابم لەسەر لاقم دا ناوە و خێزانیشم ماڵە بابی ئاوەدان بێ پەیتا پەیتا چای تازە دێم و خونچەدارم بۆ دێنێ و وەدەزانێ کوردایەتی دەکەم. بە نێوی خێزانم وەبیرم هاتەوە قەرزدارم زۆریش. قەرزەکەم حەقوونناسیشە و حەقوڵڵا نییە بە هیوابم ببەخشرێ و لە سەر پردە باریکەکەی سیڕاتێ داوێنم دەگرێتەوە و بە تکاوڕەجایانیش نەجاتیم نایەت.

لەوەتەی ژنم هێنابوو دەسپەڕم تەرک کردبوو هەتا ئەوساڵ. ئەوساڵ تووش بووم، ئەویش بڵێ چەند؟ دوو جار. دەو ماوەی پێنج شەش مانگەدا دووجار دەستپەڕم کرد و حەیب نەبێ ئاوەکەم بە ناوچاوانی چەند پیاوی سیاسیدا کرد. هەڵبەت دەبێ لێم ببوورن ئاوا بە ڕاشکاوی و بێ سانسۆر قسان دەکەم. ئەخە دەزانن چییە، ئەو چیرۆکە هێند بێ دەسەڵات

و بەســتەزمانە هەرچی داخە پێی دەڕێژم دەنا بە خەوس زمانم ئەو پیاوە نییە ئاوا بێپارێز هەڵسووڕێ.

بەڵێ بۆخۆم دەستمپێکرد و دڵنیا شم. لە ژوورەکەی خۆم و لە شارەکەی ئەوی و لە حەمام. ئەو حەمامە بە چەند شــەقەتڕان گەرم داهاتبوو و پفففف بۆگەنیوی ڕۆژەڕێیەک دەڕۆی. دەگەڕام، لەو ژوور و شار و حەمامەدا دەگەڕام. ڕەنگە لە گوێسوانێک، لێوارە ڕووبارێک یان خۆم. دەخۆم دەســرەوێنم بەڵام زۆر جار لە بیرم دەچێ دەبێ بۆ لە خۆ ســرەوا ندنێ بڕێکیش قایم بی دەنا حەیاوشــەڕەفت لێکرا دەچێ. بەڵێ، ئەرێوەڵڵا ئەو چیرۆکەش خۆی هەر بۆ ساغ نەبۆوە و لە کاتی خۆی درەنگ کەوت و چاخونچەدارەکەشم خەریکە سارد دەبێتەوە و قەرزەکەشم هەر لە جێی خۆیەتی.

• هیوا بەیرامی



Djura Stankovic

## «مەلا قەڵاغ»

تێبینی: ئەو بەسەرهاتە خەیاڵییە و کەسایەتییەکان راستەقینە نین!

دەگێرنەوە دەڵێن:

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە سەردەمی حەمەڕەزای پەهلەوی دا لە ئاوایی قانزالی سەر بە شاری سایین قەڵا هێندێک فەقێ و روناکبیری ئەوکات لە مزگەوتی ئەو ئاواییە دەرسی مەلایەتیان دەخوێند. هەڕەتی زەمانی دەرەبەگایەتی بوو و زوڵم و زۆری لە حەقی خەڵکی ڕەشایی لە ئەوپەڕی خۆی دابوو. هەربۆیە زۆر جار لەو گوندە فەقێیانی خوێندەوار وەک رووناکبیرانی ئەو سەردەمە, لە سەر مافە ڕەواکانی خەڵک وەدەنگ دەهاتن. هەر ئەوە ببوو بە هۆی کینە و دوژمنی ملهوڕان و ناحەزان سەبارەت بە فەقێکانی خویندەوار لە ئاوایی قانزالی دا. ڕۆژیکیان تاریکان, بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان ئەو لاوە ڕووناکبیرانە چاوترسێن بکەن بۆسەیان بۆ دەنێنەوە و پێش بەو فەقێیانەوە دەگرن و تووشی شەڕ و لێکدانێکی زۆر دەبن. دوای شەڕ و تیکهەڵچوونەکە فەقێکان تەماشا دەکەن کە یەک لە وان دیار نییە. زۆر پەرۆش دەبن و دەترسن کە نەکا لە گەرمەی شەڕەکە دا تووشی زەربەی کاریگەر بووبێ و کوژرا بێت. دوای لێگەڕانێکی زۆر دەبینن کە فەقێی بە ناو ڕەفیقیان لە ترسان خۆی لە نێو قەڵاغێک دا شاردۆتەوە! ڕەفیقەکانی لە حەیفان هیچی پێ ناڵێن; بەڵام خێزانی مجێوری مزگەوتەکە لە فەقێی خۆ حەشارداو لە ناو قەڵاغ دا دەچێتە پێشێ و پێی دەڵێ: هەی خوێڕی! بۆ خۆت شاردۆتەوە؟! نابینی ڕەفیقەکانتیان خوری شۆر کردووە؟! فەقێی قزە لە سەرەخۆ وڵامی دەداتەوەو دەڵێ: حیزی و سلامەتی!

هەر ئەو بەسەرهاتە بووە هۆی ئەوەی کە ڕەفیقەکانی, فەقێی ترسەنۆک نێو بنێن: مەلا قەڵاغ چیرۆکی شەڕی فەقێیانی گوندی قانزالی و چیرۆکی خوێڕی گەری مەلا قەڵاغ لەو شەڕە دا بەسەر هات بەڵام بیرۆکەی "مەلا قەڵاغ" بەسەرنەهات. مەلاقەڵاغ پاش تەواو بوونی دەرسی مەلایەتی و ئیجازەوەرگرتن, هاوکات لە گەڵ مەلایەتی, بوو بە ئەندامی ساواک! ڕاپۆرتی لە زۆر یەک لە خەباتگێڕانی ناوچە دا; زۆر لاوی ڕووناکبیر و ئازادیخوازی بێ سەر و شوێن کرد, زۆری بە گرتن دا و لە ئێعدامی زۆریەک لە چالاکانی سیاسی دا دەستی هەبوو. مەلا قەڵاغ بناغە و کۆڵەکەی ژیانی هاوبەشی بە نانی سیخوری و مووچەخۆریی ڕاپۆرت دامەزراند; منداڵەکانی فرچکیان بە نانی مارەبەجاش و سەولەی ساواک گرت.


باس دەکەن دەڵێن: جارێکیان مەلا قەڵاغ دەیویســـت ڕاپۆرت لە مەلایەکی خەباتگێڕ بدا; بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکەی لە لایەن ئیدارەی ســـاواکەوە وەربگیرێ و بەڵگەی ســـەلمێندراو نیشان بدا; وێنەیەکی مەلای ئازادیخواز و باوکی خۆی دەبا بۆ ساواک و دەڵێ: لەم وێنەیە دا نیشـــان دەدا کە باوکم و ئەو مەلایە لە ســـەردەمی کۆماری کوردســـتان دا هەوادار و لایەنگری قازی موحەممەد بوون. بەم شێوەیە مەلای دۆستی باوکی خۆی بە گرتن دەدا و مەلای شـــۆڕشـــگێڕ بە هۆی ڕاپۆرتی مەلا قەڵاغ تا ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ســـاڵی ١٣٥٧هەتاوی دا, بۆ شاری کاشمەر شاربەدەر دەکرێ و دوای چەند ساڵێک پاش ڕاپەڕین، ژیانی پڕ لە شـــانازی کۆتایی پێ دێت. دوای بە گرتن دانی مەلای خەباتگێر و چالاک, هێندێک لە دۆســـتانی پێی دەڵێن: خودا نەتگرێ! چۆن کاری ئاوات کردووە؟! خۆ ئەو وێنەیە, باوکی خۆشـــتی تێدایە! مەلا قەڵاغ بزەیەکی دێت و دەڵێ: من بەو کارە دوو نیشـــانەم پێکاوە: یەکەم ئەوەی کە مەلام بە گرتن دا; دووهەم ئەوەی کە خۆ باوکم نەماوە بیگرن, بەو شێوەیە ئەوەندەی دیکە خۆم لە لای ساواک وەقیمەت خست و کوتم سەرەڕای ئەوەی کە باوکم ســـەر بە کۆماری کوردســـتان بووە; بەڵام من هەمیشـــە وەفادار بە نیزامی پاشایەتی بووم و دەبم; ئەوە بۆتە هۆی نزیکایەتی زیاتری من لە ساواک!

دوای شـــۆڕشـــی گەلانی ئێران مەلا قەڵاغ گیرا و لە زیندان جۆیان بۆ ڕۆکرد بیخوا! لە نێو شار لە لایەن خەڵکی بە شەڕەفی بۆکانەوە بە سزای تەمەنێک ژیانی خوێڕیانەو قزانەوە لە ســـەر شـــەقام و فەلەکەی ئەســـکەندەری وەبەر ئێرەڵماســـی و باینجانیان درا; تا چەند کەیخودای شـــار, بەزەییان پێداهات و لەبن دەســـت خەڵکیان دەرهێنا. کاتێک لە لایەن نیزامی کۆماری ئیســـلامی یەوە بە تاوانی خەیانەت بە نیشـــتمان و خزمەت بە ســـاواک و نیزامی پاشـــایەتی گیرا; لە وڵامی تاوانەکانی دا بە دادوەری کوت: من ئەو کارانەم بۆ نیزامی پاشـــایەتی نەکردووە; بەڵکو بۆ پووڵم کردووە! ئێوەش پووڵم دەنێ, تا بۆ ئێوەشـــی بکەم!

پاش شـــۆڕش, مەلا قەڵاغ مرد; بەڵام "ماکەی بیرۆکەی مەلا قەڵاغ" لە منداڵەکانی دا بڵاو بۆوە; دەڵێن یەکێک لە منداڵەکانی کوتویەتی دەبێ تۆڵەی ئەو ئێرەڵما سی و باینجانانە لە خەڵکی بۆکان بکەمەوە!

ئای لە هەتیوی مەلا قەڵاغ!!!

• بیژەن ڕەحمانی



## «مار مارێن»

بڵێی عەفرین ئاسا نەفرین نەکرابێم؟ !

وا ئەم پرۆفایلەش لێم بۆتە گونی قۆڕ، نازانم وێنەی کامە ئازاری لە ســـەر دانێم. دەرک و کونی بئاخنم و ســـواغی دەم، یان تەشـــتە قوڕەکە دانێم!. ئەویش هێندی یەک و دوو یەکی وەک تۆ لێسی دەدا و، لوێچێکی تێدا ناهێڵن.

بە من چی خێزانت دوای دوازدە ســـاڵ پێکەوە خەوتن و تا گونان لێبردن تاقە جەڵغەیەکی مردووشـــی پێ ناخرێتەوە و، لای ژووری داد گای لێ گرتووی و یەخچاڵی ئاواڵ دوانەی دەوێ!؟.

بۆی دەچێتە سەر.!

ئای بە زەیتوون بە زەیتوون

ئێششەک زەیتوونی دەوێ

ترِی عووسمانی دەدا و

بە جووتە لووشکان داوێ

ئەرخەیانم ڕۆژێکی

گون ڕەشێک هەڵدەکەوێ

لەو تەپۆڵک و خڕانە

قاوچەی پێ دەکا تاوێ

مەگیرانی زەیتوونی

لە دڵی دەر دەهاوێ

عەیبە تۆی، کۆی کەوە داشقەت...

ئاخر زەمانە، ئەوی نەتبیستووە دەی

بیسی.  لێت دەبەم جارێ بە بێ دنگی نەچی بیکەیە قاو ...

دەڵێن ڕێک خراوی نێو نیتکانە، نێو لینگانە چییە!، دەیەوێ هەوێ بە سەر سەددامە ئەسەدی بێنێ،ئەویش کێ تەیموورە دۆغان!. دەزانی ئەو( ــــە) ێیە چێ پێیانەوە لکاوە؟ گوایە ئەویان لە پاش و لە پێش کەس ناگێڕێتەوە و بوەتە وێنجە بەڕەڵڵا، ئەمییشیان سوور بوەتەوە و حەیای تکاوە؛ خۆی لە ماڵێ هاوییشتووە و چۆتە حاشایە لە بۆیە.

دەجا بە سووڕەی فەتحێ و لە سەر دار ئەنجیران مارەی دەدروون.

بەوەی دەرێن مارێن.

ـ ئەوە هەر زاو زێ و گانە گۆڵەکەی خۆمان نییە!؟

ـ بۆ نا!! بۆت چەسپا بیکە یاساش، هەر وا دەچێ.

تۆ دەڵێی چی،قوون سوور بەو ڕیشەوە؟ ئەی ئەوە ئاڵا و تیڵات ؟.

ـ (اَنَا، نَحنُ....) من، ئێمە ...

(ئیندی بز نینم؟.) ئێستا چبکەین؟.

ـ دەی دەی تیڵاکەیان تێبڕیوی و ئاڵاکەیان تێهاڵاندووە !!

هاتووی بۆ قووڕ.

• ڕەحمان جەنگ

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ۫۫ ۫ ۫۫ ۫ ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ٭]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسیّ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسیّ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبوڕە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.
تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!




Christian Underscore

# تیۆری

## پەسامۆدێڕنیسم چیە؟

**• و: مریەم قازی**

هەڵبەت تاریفی دیاردەیەکی بربڵاو، تاریف هەڵنەگر و بەردەوام لە حاڵی تەکسیر کارێکی بێهوودەیە و تاریف کردنی دیاردەکان بەشێک لە عەقڵییەتی مۆدێڕنە کەپەسا مۆدێڕنەکان لە دژی ئەو راوەستاون.  پسا مۆدێڕن دەبێ وەک گردووکۆیەک لە را و بۆچوون و هزرەکان سەیر بکرێ کە لە لایەن تاقمێک لە بیرمەندان لە دەیەی ١٩٨٠ بەم لاوە هاتۆتە گۆڕێ. بێ ئەوەی هیچ کام لەو بیرمەندانە بەسەر بۆچوونێکی هاوبەش و دیاریکراودا کۆک بن. هەرکام دەستەواژەیەکیان پێشنیارداوە وەکوو: پەسا کۆمەڵایەتی، پەسا مێژوویی، پەسا ساختارگەرایی، پەسا سیاسی، پەسا ئارمانشاری، پەسا جوانی ناسی، پەسا ئیدۆلۆژی، پەسا فەرهەنگی، پەسا سەنعەتی و... پەسا مۆدێڕنیسم واتایەکی نێوان دەقییە کە لە حەوزە جۆربەجۆرەکانی زانستی ئینسانی وەرگیراوە وەکوو زانستەکانی کۆمەڵایەتی، رەوانکاوی، سیاسەت ، فەلسەفە، خوێندنەوەکانی ژنان و هۆنەر.



دەبێ نێوان پەسا مۆدێڕنیتە و پەسا مۆدێڕنیسم جیاوازی دانێین. پەسا مۆدێڕنیتە دەستەواژەیەکە کە بۆ تەوسیفی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی کەڵکی لێوەردەگیرێ، واتە هەل و مەرجێکی ئابووری کە بنەماکەی بەسەر فەرهەنگ و مەسرەفی بەرهەمەکانی فەرهەنگی داڕێژراوە وەکوو : ویدئۆ ـ کۆنفڕانس، کڕینی ئینتێرنێتی، کەڵک وەرگرتن لە ئیمێیل، تێلێفۆنێ هاوڕێ، دەسڕاگەیشتن بە زانیاری دووروڵاتان لە ڕێگەی ئینتێرنێت و ...

بەڵام پەسامۆدێڕنیسم دەستەواژەیەکە کە بۆ شرۆڤەی بۆچوونەکان سەبارەت بە جوانی ناسییەکانی هاوچاخ کەڵکی لێوەردەگیرێ و سەر بە دنیای شێوەی بۆچوون و بیر و شێوازی داڕشتنەوەی هۆنەر و ئەدەبیاتە.

**واتای بەربڵاو و پڕزاوزێی دەستەواژەی پەسامۆدێڕنیسم:**

زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە بێ مۆدێڕنیسم، پەسامۆدێڕنیسم مانای نیە و پەسا مۆدێڕن بە منالی سەربزێوی مۆدێڕنیسم دەزانن. پەیوەندی نێوان ئەودوانە پەیوەندێکی دیالکتیکییە ، پەیوەندێک هەم بە واتای بەرەوپێش چوون و دووپاتەیی و هەم بە واتای حاشا و ئاڵ و گۆڕ و جۆرێکی تر بوون یان پەیوەندی و هاوکات لێکدابڕان.

**تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی پۆست مۆدێرن:**

- تێکچنراوی و جێی باس بوونی واتای واقعییەتی چیرۆک، چیرۆکنووسی پەسامۆدێڕن حەول دەدا کە واقععیەت وەکوو دەقێکی جێی باس و پرسیار دارێژێ و جیانەبوونەوەی لە خەیاڵ و هێما بسەلمێنێ.

- ژیانی شارنشینی وەکوو چەرخەی بێ کۆتایی مەسرەف، زۆربەی چیرۆکەکانی پەسامۆدێرن باسی فەرهەنگی مەسرەفە و ژیانی رۆژمەڕڕەیی.

- بەرچاو کردنەوەی شێوازی ژێان، ئەو چیرۆکانە وا نیشان دەدەن کە ژیان لە کۆمەڵگای هاوچاخدا بەرابەرە دەگەڵ هەڵبژاردن و دارشتنەوەی شێوازەکانی ژیان و نیمادەکانی فەرهەنگی مەربووت بەو بەشە.

- بەرچاو بوون و زاڵ بوونی گوفتمان . کردەوەی کەسایەتییەکان، یان فام کردنیان لە جیهانی دەوروبەرییان ئاکامی ئەو گوفتمانەیە کە بە شێوەیەکی نامەحسووس بەڵام کاریگەر کەسایەتییەکانی لەبەرخۆی گرتووە.

- دەوری کەرەسەکانی راگەیاندن. لە چیرۆکی پەسامۆدێڕنیسمدا راگەیاندنەکان تەنیا کاناڵێک نین بۆ راگوێزتنی هەواڵ و زانیاری بەڵکوو چوارچێوەیەکن بۆ بیرکردنەوە و لێدوان و هەڵوێست گرتن.

- هەجو . وەکوو سەناعەتێکی بەکار لە چیرۆکی پۆست مۆدێرندا دەور دەگێڕێن بە ئیقتبای لە دەقە کۆنەکان بەڵام بە شێوەیەکی هەتکاوی و بەتایبەتی ئایرۆنی.

- دوو رەگە بوونی نوسراوە واتە تێکەڵاوێک لە وتار و چیرۆک، یان چیرۆک و رەخنە، یان چیرۆک و مێژوو و ...

- جێگر بوونی ئیماژ لە جیاتی گێرانەوە. لەکار کردنی ئیماژ هەڵبڕ هەڵبڕ لە جێی رەوایەت ناهێڵێ چیرۆک بە باشی فام بکرێ و خۆی بەدەستەوە دا.

- نووسینەوەی فیتۆلانە . بە پێچەوانەی مۆدێڕنەکان کە زۆر جیددی دەپرژانە بابەتی جیددی رۆژگاری خۆیان، پۆست مۆدێرنەکان چیرۆک دەکەنە ئامرازێک بۆ گاڵتە پێکردن بە بێ عەقڵێ کان و نەزانییەکانی مرۆڤ.

- نێوان دەقی. چیرۆکی پۆست مۆدێڕن چل بەشێکن لەو دەقانەی کە دەق دەباتە ژێر پرسیار.

**تێبینی/ مریەم قازی: ئەم بەشــە وەک بەشــی پێشــوی تیۆری هەمووی وەرگێڕانە لە کتێبی داستانی کورت لە ئێراندا، لە نووسینی د. حوسێنی پاینەدە**

**بەڵام زنجیرەی تێئۆرییەکانی ژمارەکانی پێشــووی چیرۆکەڵە لەمەڕ شــێوازەکان بەو هۆیە کە بەشــێکی وەرگێڕان بوون و بەشــێکی بۆچوونەکانی خۆم بوون، نەدەکرا بڵێم بەتەواوی وەرگێڕانن و دەتوانم بلێم گردکۆ یـان وتـارگەلێـک بوون کە لە چەنـدین ســـەرچـاوەی جۆربەجۆر بۆنووسینیان کەڵکم وەرگرتبوو، وەکوو:**

- شێواز ناسینەکانی ئاغای حوسێنی.
- شیوازەکانی ئەدەبی دوکتور مەنسووری یاقووت.
- وتاەکانی ئینتێرنێتی.
- هێندێک تێبینی خۆم.



# چیرۆکی میوان



**(١)**

## «سپی-سوور»

ویزە ویزی فیشەک، بۆ تاوێک وەستا.

سەربازەکە، دیسان پەڕۆ سپیەکەی بەرز کردەوە.

دەستڕێژی گوللە و پڕیشکە بەردی سەنگەر، دەستیان پێ دانەواندەوە.

چەند خولەک دواتر، سەربازەکانی ئەوبەر گەیشتنە نێو سەنگەرەکەی.

سەربازێکیان بینی، لە سەر گازی پشت ڕاکشاو، پەڕۆیەکی سوور بە دەستەوە.

(٢)

## «کەمپی ئۆڤێرکالیکس»

سام، لە گەڵ نسێی خۆشی بەشەڕ دەهات.

ئاریا، نێرگەلەی دەکێشا.

زاگرۆس، بە دووی قوونی ساشا-وە بوو.

ساشا! ئاااخ ساشا... بە ڕۆژ نازی دەچاند، بە شەو دەسپەڕی ڕەنێو دێنا.

من...لە یوتیوب دات کۆم، لە نێوا تیۆریی بیگ بەنگ و ستـرانەکانی جوان حاجۆدا دەخولامەوە.

بە هەڵڵا و هەنگەمەی چێشتخانەکە لە ژوورەکەم دەرپەڕیم.

سام و سێبەرە ڕەشەکەی دیسان تێکبەرببوون.

ئەوانی دیکەش تێوەگلابوون، یەک ڕەگەڵ سام کەوتبوو، یەک ڕەگەڵ نسێکەی.

ساشا بە دەم گۆرانیی "دل کەتمیؒ"وە پەیدا بوو.

مەنجەڵی میدل-ئێست دەکوڵی.

بیگ-بەنگ!

(٣)

## «چەپکێک گوڵ»

جریوەیەک لە مۆبایلەکەی هەستا.

سەیری کرد؛ وێنەی چەپکێک گوڵ لە سەر گۆڕی باوکی..

شتێکی نووسی، بە کرتەیەک ٥ هەزار جریوەی لە مۆبایلی فرێندەکانی هەستاند؛

"لە سەر گۆڕی باوکم..!"

کەڕەی بەیانی، ٥٠٠ کرۆن و کورتە نامەیەکی بۆ گوڵفرۆشەکە ناردبوو.

**(٤)**

## «نۆستالۆژی»

ئیڤان دوو سێوی لە نایلۆنەکە هاویشت.

بۆخاوی سیر و خیار، بردیانەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨ و یەکەم دڵەکوتەی بۆ کچێک. لە دڵەکوتەوە و شڵەژانەوە بوو، یان هەڵامەت؟ ئەو دەمیش، هەمان بۆن بوو.

ئەولاتر، شیلان کاڵەکێکی هەڵدەگلۆفت.

بۆخاوی سیر و خیار، بردیانەوە بۆ چێشتەنگاوی ١٦ی مارتی ١٩٨٨ و هەڵاتنی لە هەڵەبجە. هەمان بۆن بوو.

ئەولاتر.. ئەملاتر..

میوەفرۆشییەکە، جمەی دەهات لە نۆستالۆژی.

**(٥)**

## «سێربرێنیتسا»

نیو سەعات بوو لە تابلۆکە ڕامابوو.

تابلۆی منداڵێکی چاوزیت لە تەنیشت تەرمی دایکی.

منداڵەکە نیو سەعات بوو لە پیرەمێردەکە ڕامابوو.

خەریک بوو پێشانگاکە دادەخرا.

شێوەکارەکە گوتی: جارێ لێیگەڕێن، دەیناسم. لە سێربرێنیتسا، فەرماندەمان بوو.

(٦)

## «59»

ئەفسەرەکە، گۆشەی سەرووی کفنەکەی بۆ لادا: هەوە؟

پیرەژن لە ڕوخساری داڕوشاوی تەرمەکە ورد بۆوە: نا!

کفنی دووهەم: هەوە؟

لەوە بە تەمەنتر بوو چاوی بۆ کز بکاتەوە: نا!

کفنی سێیەم: هەوە؟

ناسیەوە، سولەیمان بوو، هاوڕێی کوڕەکەی.

بە لێوەلەرزەوە: نا!

کفنی ٤... نا!

کفنی.. کفنی.. کفنی..

نا! نا! نەخێر!

کفنی ٥٩: هەوە؟

پیرەژن بوورابۆوە.



(٧)

## «بووکەبەفرینە»

کرێوە و باکوت، ورچی دە کونەکەی دەکردەوە.

ڕێبوارەکان بە لەز و بەز بووکە بەفرینەکە، چوار ڕۆژ بوو چوار مەشـــقی لە پێش ڤیترینی دووکانەکە دانیشتبوو.

قاپێکی پڕ لە سـکەی ١ بۆ ١٠ کرۆنی لە بەر چۆکی بوو. هەندێک لە سـکەکان کەوتبوونە سەر عەرز.

دەهاتن و دەچوون. هەندێکیان سکەیەکیان بۆ تێداویشت و دەڕۆیشتن.

چوار ڕۆژ بوو، بێ هەست و خوست، بووکەبەفرینەیەک لەوێ دانیشتبوو، چوارمەشقی.

**(٨)**

## «تەشتە گوو»

ئەوەندە زل بوو، دەتگوت ئارنۆڵدە. بە لاترەلاترە و چیرەچیر خۆی دە پشتەوە ڕاکرد.

پاش بیستێک، بە دەنگێکی هێڵنجاویی: هێدی باژۆ کەڵلەکەر!

شۆفێر تاکسییەکە سەیرێکی لەزپێوەکەی کرد؛ لە سەر ٦٠ بوو.

هێڵنجێکی دا و نەڕاندی: دەڵێم هێدی نێرەکەر!

لەزپێوەکە لە سەر ٣٠ بوو.

هێڵنجێکی دیکەی دا و ڕشایەوە.

: دا ڕایگرە جاشکەکەر! ڕایگرە سەگباب!

دابەزی.

: چیە؟ بۆ وام چاو لێدەکەی؟ ڕشـــاندووتمەوە، ناکا داوای پارەش بکەی؟ پر بە تەشـــتێک گووت خوارد!

پێی بە گازەکەوە نا.

تەشتە گوویەک بە نێو شاردا دەسووڕایەوە.

**(٩)**

**«بزە»**

شـــەوێک دوای مردنی باوکی، کوڕە گەورەکەی خەونی پێوە دیت؛ هاواری دەکرد: من زیندووم! زیندووم!

پاش تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر لە قەشە و شارەوانیی، گۆڕەکەیان هەڵدایەوە.

گڵی سـەر گۆڕپچەکەشـیان دەردا و گەیشـتنە تابووتەکەی. سـەرەکەیان هەڵگرت، باوکیان زەق و زیندوو ڕاکشابوو، بە زەردەکەنێکی سەکرانەوە سەیری دەکردن.

: تکایە سەرەکەی بنێنەوە. هەرگیز باوکم ئەوەندە دڵخۆش نەبینیوە.

**(١٠)**

**«کەلوەکان»**

دووپشـک، شـەقێکی لە دۆلکەکە هەڵدا، نخوون بۆوە و کەللەسـەری بڕاوی شـێرێکی لێ هاتە دەر. یەک تل، دوو تل، سێ تل، وەستا.

گا، مقەستی بە قرژاڵ دەفرۆشت. ئەویش، فەریکە گەنمی پێ دەقرتاند.

بەرخ و کاریلەکە، ڕەدووی یۆنس ناوێک کەوتبوون و لە نێو سکی نەهەنگێکدا، گا؛ جمکە و گا؛ هەوێ...! ژێی کەوانەکە پسابوو.

تەرازوو؟ هاا.. تەرازوو!!

خۆی تەشریفی لەوێ نەبوو، تابلۆکەی وەک تاپۆیەک بە دارێکەوە دەخوویا.

دار نەبوو، سێدارە بوو.

**(١١)**

## «دارە-مێ»

ئەو ئێوارەیەش لە ژێر دارەسێوەکە دانیشتبوون. کەمێک جیاوازتر، نزیکتر... نەرم نەرم لێویان جووت کرد، وەک جووتە چۆلەکەی سەر دارەکە.

قەلەباچکەیەک باڵی ڕاوەشاند و هەڵفڕی. چەند گەڵایەک وەرین، دارەکە نیوەڕووت... بە دوو چۆلەکەی مێوینەوە، لە گەڵ چوار سێوی تورت و پێگەیشتوو... لاسوور و لێوبەبزە.

• ئاوارە وڵات



Thomas Schattan

**«نەورۆزانە»**

گومان نەکەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی باوکم لە زێدەکەی، بناری نەکەرۆز، وەختێ شاڵ و پشتوێنی لە سەروبەندی نەورۆز لەبەر پەنجێرە و درگای جیران و دراوسێ بە هەوای وەرگرتنی نەورۆزانە شۆڕ کردوەتە خوارۆ، هیچ وەخت تام و چێژە دەرەجە یەکەکەی لە دەس بدا. ئەو وەختانە سەربان وەک تەلەفوون و مۆبایلی ئێستە وابوو. باوکم ئێژێ ڕۆژگار زۆرشتی هێنا و زۆر شتی برد. قەدیم حەزت لە هەر گەورەکچێکی نەشمیل و لەبەردڵان بکردایێ، بە جۆرێک حاڵیت ئەکرد کە دادەخانم لە فلان وەخت تەشریفت بێ بۆ سەربان تا قاڵبە سابوونێ، کیسە خەنەیێ، عەترێ یان مێخەک بەنێکت بە دیاری ئەدا بە ئەو خانمە لە سەربانەکەیان.

بزەیێکی شیرین ئەنەخشێتە سەر لێوی باوکم وەک بڵێی نوقمی وێنەگەلی جەوانی خۆی بووبێ. دواتر ئەڵێ دڵداری کردنی ئێمە بەم چەشنە بوو. ئەو ساڵانە چینێ منداڵی هار و هاج بووین کە بە غار ئەم سەربان بۆ ئەو سەربان ئەگەڕاین. پشتوێنمان لە بەردگای هاڵی ماڵان شۆڕ ئەکرد خوارێ تا بەڵکوم نەورۆزانەکەمان بۆ گرێ دەنە شاڵەکە. ئیتر ئێمە شادومان ترین ئینسانی سەر کوورەی عەرز بووین ڕۆڵە!

باوکم هاوکات لەگەڵ تەواو بوونی قســـەکانی ئەڕوانێتە من و ئەڵێ: بیرتە تۆش بە منالّی لەگەڵ رفێقەکـانـت وەک چەرچییێکی گەڕیدە توورەکە برنجێکت ئەگرت بە دەســـتۆ و ئەڕۆشتی بۆ هەلاوە مەلاوە؟!

پاش بیســتنی ئەو قسـه لە زاری باوکم، شـێعرێکی شیرین و سادە لە زەینم دێت و ئەڕوا. هەلاوە مەلاوە، بێســـتانی ســـوور و ســـاوا، کچتان نەبێ بە چاوا، کوڕتان ببێ بە زاوا، دا زەحمەت نەبێ نەورۆزانەکەمان بۆ بخەنە بن تاوە. " من دڵنیام مانای ئەم شـێعرە ســەوز بوونی گژ و گیای بەهاری لە پێ دەشـت و سـەحرا و هەڵدێر و نشـێو و جەژنانە وەرگرتن نییە. بەڵام بە منالّی هەموو ئەم رووداوە شـــیرینـانە یەک لە دوای یەک روویـان ئەدا. هەرکام لەمانەش مژدەی هاتنی ئەوی کەی ئەدا.

ئیســـەش دوای یەک عومر، باوکم پێش نەورۆز رادیۆکەی ئەخاتە بن گوێی و ئێمەش چەشـنی هەمیشـە بێ دەنگ چاومان ئەبڕینە ئاکار و رەوشـتی باوکم و کاردانەوەی ئەو لە هەمبەر بیســتنی خەبەری هاتنی نەورۆز. چرکەچرکە نزیک و نزیکتر ئەبینۆ لە نەورۆز، تا ئەوەیکە دەنگی بلاوێن و چێژبەخشـی هەرمانەیاد حەسـەن زیرەک بڵاو ئەبێتۆ و هەموو بنەماڵەی ئێمە چما تەواوی بنەماڵە ئاســـایی کانی کوردەواری، لێو بە بزە و دڵخۆش پیرۆزبایی هاتنی بەهار و ساڵی تازە لە یەکتر ئەکەین.

• عەلی خەلیلی



# بەتامی چیرۆک

بەهــــۆی ئەوەی بەشــــی "بەتـــامی چیـــرۆک"ی چیـــرۆکەڵە تەنـــزە و، بـــاروودۆخی گەلەکەمـــان لە عەفـــرین لە دۆخێکـــی تراژدیـــدایە؛ ســـەرەتا زۆر داوای لێبـــووردن لە خـوێنەرانی بەڕێـزی چیـرۆکەڵە دەکەیـن کە ئەم مـاوەیە نەزانـانە، بـێ سـەرنجدان بەو دۆخە کارەســـاتبارەی گەلەکەمـــان ئەو بەشـــە تەنزەمـــان لە چیـــرۆکەڵەدا گونجانـــدبوو و، دواتـریش بە پێویسـتی دەزانـین پێتـان ڕابگەیەنـین کە بەشـی "بەتـامی چیـرۆک" تا ماوەیەکی نادیار ڕا دەگرین.

بەوهیـــوایەی ئەم هەڵوێســـتە قەرەبـــووی ئەو هەســـتی شـــەرمەزارییەی ئـــێمە بکـــاتەوە و، ســـەرەتایەکیش بـــێ بـــۆ فێربـــوونی ئەم کولتـــوورە کە لەمەبەدوا لە پەنـــای دۆخە هەستیارەکانی گەلەکەمان گوێنەدەرانە و ئاسایی تێپەڕ نەبین!

- **ئامادەکارانی چیرۆکەڵە: ئەمیر سیراجەدین/ ناسر فەتحی**

